کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-9-2007 1:58 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ نەشیری حوشتر نەدیداری عارەب ... باوکی شازاد

خوێنەری بەڕێز پێشینانمان بەبێ هۆ ئەو پەندەیان نەوتوە دیارە هەر لە کۆنەوە گەلی کورد لە برایەتی وبرادەرایەتی عارەب زەرەری کردوە بێجگە لە تورک و فارس ئەوانیش هەرکاتێک لە کورد نزیک ببنەوە دیارە دەیانەوێت زەرەرێکمان لێبدەن و هیچیان لە بەرژەوەندی کورد قسەیەکی خێر ناکەن، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو تاکیکی ئەو میللەتەی ئێمە هەردەم لە ئامادە باشی دابێت بۆ ئەوەی گۆلی لێ نەکرێت بەناوی برایەتی و دۆستایەتی ئێستا دەبیینین هەر جارێک لێپرسراوێکی عارەب دێت بۆ کوردستان کۆڕو کۆبونەوە ساز دەکەن لە کاتی ڕۆیشتنیشیان قسەیەک دەکەن بۆ ئەوەی میوانداریەکە حەڵاڵ بکەن و بێ منەت بێت، گوایە بۆ بەرژەوەندی کوردانهئەو قسەی دەیکەن، بەڵام کە گەیشتەوە شوێنەکەی خۆی کەسێکی تر لە هەمان گروپ قسەیەک دەکات دژی بۆچوونی میوانەکەی کوردستانتاکو لە سەریان نەبێت بە ماڵ هەروەک نوێنەری ڕەوتی سەدر (بەها ئەلئەعرەجی) کاتێک گووتی ئێمە پشتگیری لە جێبەجێ کردنی ماددەی 140 دەکەین کە گەڕایەوە کەسێکی تر لە کۆنکرەیەکی ڕۆژنامەوانی ووتی ئێمە دژی گەڕانەوەی عارەبەکانین نامانەوێت خەڵکی عارەب لەو ناوچانە دەربکرێن و بگەڕیننەو بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئێستاش دیارە (ئەیادعەلاوی) تەشریفی هێناوە لە سەر داوای ئەمەریکا هاتوە بزانێت بەڵکوو سەرکردایەتی کورد موبایەعەی دەکەن و مالکی لادەدەن لەسەر کار، هەردەڵێی ئەیاد عەلاویمان نەدیوە و نایناسین کە چۆن حوکمی عێراقی بەڕێوە دەبرد و چی بۆ کورد کردوە، ئەی هەر لەسەر داوای ئەوان نەبوو کۆنگرەی قاهیرە بەسترا کۆمەڵێک ئیرهابی وعارەبی شۆڤینی و کۆنەجاشیان کۆ کردەوە بۆ دژایەتی خەڵکی کوردستان وە ئەندامەکانی لیستی العێراقیە زۆربەیان دژی کوردو حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێبەجێ کردنی ماددەکانی دەستوری عێراقین وێنەی (ئوسامە نەجێفی) کە باسی ووشەی کوردستان دەکەیت مووەکانی لەشی گرژ دەبێت لەم ڕۆژانە گۆڤاری (تایمی) ئەمەریکی بڵاوی کردۆتەوە کە بەعسیەکان زۆر خۆشحاڵ دەبن بە گەڕانەوەی عەللاوی بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق وە بە کەسێکی نیشتمانپەروەر وەسفی دەکەن لەوانەیە هیوایەکی زۆریان پێیهەبێت بۆ ئەوەی جارێکی تر حیزبی بەعس لە ڕێگای ئەوەوە دەسەڵات بگرێتەوە دەست لە عێراق وە ئەوە ڕاوو بۆچونی (عیزەت دووریە) لە سەر ئەو کەسە، باشە دەبێ ئەوانە چی بۆ کورد بکەن یان چی خزمەتێکی گەلەکەمان بکەن خێری تیابێت تاکوو لیستی تەحالوفی کوردستانی لە پەڕلەمانی عێراق پشتگیریان لێ بکەن بۆ لادانی مالکی، بەڵام مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵی (گەرمناڵ نەخۆش کەوت و بەرەو مردن چوو لە ڕەنگی پاشەڕۆ کەی دیارە) مەسەلەی مالیکیش ئاوایە هەموو بۆچونەکان پێیان وایە مالیکی لە (وەختی زایەع) دادەژێت هەر ئەوەندە ماوە فاتیحای بۆ لێبدەن، لەوانەشە وانەبێت تەنها ئەمەریکا بەم جۆرە کۆبوونەوانە دەیەوێت مالیکی زیاتر ڕشت بکات بۆ ئەوەی باشتر خۆی ماندوو بکات و داواکانی ئەمەریکا بە تەواوی جیبەجی بکات بۆ ئەوەی سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بێنن بۆ ئارام کردنەوەی باری ئەمنی لە ناوەڕاست و باشوری عێراق تاکوو سەرۆک بۆش بتوانێت قەناعەت بە کۆنگرێس بکات کە ئەو پرۆسەیەی کە بەم دواییە لە عێراق پەیڕەو کراوە بەرهەمی باشی لێکەوتۆتەوە بۆیە دەبێ هێزەکانیان بۆ ماوەیەکی درێژتر بمێنێتەوە تاکوو بە یەکجاری تێرۆریستان لە عێراق دەردەکەن، وە باشترین بەڵگەش بۆ قسەکانم سەردانی چاوەڕوان نەکراوی سەرۆک (جۆرج بۆش) بوو کە ئیمرۆ کردی بۆ بەغدای پایتەخت بۆ ئەوەی بەخۆی لەگەڵ جەنەڕاڵ پاتریۆس و کرۆکەر وفەرماندەکانی تری سەربازی کۆبونەوە بکات وە مەوزوعەکە زۆر بە ئیهتمام وەر بگرن لەبەر ئەوەی ئەو مانگە کاتی یەک لایی کردنەوەیە لە گەڵ کۆنگرێس، بەڵام مانای ئەوەنیە کە کەسێکی تر لە مالیکی و ئەوانی پێش ئەویش توانای زیاتری هەبێت بۆ حوکمڕانی عێراق، تاکە هۆی لە کار لادانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مالیکی و هەڕەشەکانی ئەمریکا ئەوەیە (فەشەلی) سیاسی و سەربازیە بە هۆی پەیڕەو کردنی سیاسەتی چەوتی ئەمەریکایە لە چۆنیەتی بەڕێوە بردنی ئیدارەی شەڕی دژە تیرۆر، دەبینین چۆن ئێستا هێزەکانی سەربازی چەک بەسەر عارەبی سوننە دابەش دەکات کە هەر هەمویان سەر بە گروپە تێرۆریستەکانن بەلام بۆ ئەوەی سۆزی ئەمریکیەکان بۆخۆیان ڕابکێشن ئێستا کردەوە تێکدەرانەکانی خۆیان ڕاگرتوە دژی سەربازە ئەمەریکیەکان، تاکوو ببن بە خاوەنی چەکی باش و مۆدێرن بتوانن لە دوا رۆژدا دژایەتی شیعەو کوردی پێ بکەن ئەوکارەش مەترسیترینرەی دەبێت، وە ڕاپۆرتەکەی هەردوو لێپرسراوی ئەمەریکا هێندەی نەماوە پێشکەش بە کۆنگرێس بکرێت وە لەو کاتە سەرۆک بۆش هیچ پاساوێکی نامێنێت بۆ نەکێشانەوەی هێزەکان لە عێراق بۆیە پیش ناردنی ڕاپۆرتەکە خۆیان ئامادە دەکەن چۆن ڕەوشی عێراق تێک بدەن کە بە هێچ کەسێک چاک نەکرێتەوە تۆڵەی خۆیان لە شیعەکان بکەنەوە وە دەبوایە شیعەکان قەت ئەوەیان لەبیر نەچوبایە ئەگەر ئەمەریکا سەددامی لانەدابایە دەبوایە 1400 ساڵی تریش سوونەکان حوکمڕانی شیعەیان بکردایە کەچی وادیارە شیعەکان بە قسەی ئێران دەستیان کردوە بە جموجوڵ و چەندین سەربازی ئەمەریکی بەدەستی سوپای مەهدی کوژراون بۆیە هەرگیز ئەمەریکا قەبووڵ ناکات پاش کێشانەوەی هێزەکانیان کۆماری ئیسلامی بێت بەناوی ناوبژیوان دەست بەسەر خواروو ناوەڕاستی عێراق دابگرێت وەکوو موکافەئەیەکی لی دێت بۆ ئێران کە دەورێکی زۆری هەبوو بۆ تێکدانی ڕەوشی ئاسایشی ناو عیراق هەر لەبەر ئەو هۆیەشە پیاوی ئاینی شیعەکان سەر بە (باڵی سەدر) (موقتەدا سەدر) بڕیاری سڕ کردنی هێزەکانی سوپای مەهدی دا کە هیچ کارێک نەکەن دژی هێزەکانی ئەمەریکا ئەوەش لە سەر داوی ئێران ئەوکارەی کردوە، وادیارە ئێرانیش ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ هاتنە ناو خاکی عێراق بۆ ئەوەی جێگای هاوپەیمانان بگرێتەوە ئەوکارەش سوننەکانی هەراسان کردوە بۆیە هەر گەرماو گەرم دژی ڕاوەستاون بەبۆچونی سوننەکان ئەوجارەیان گەر ئێران هاتە نێو عێراق وا بە ئاسانی دەرچونیان زۆر زەحمەتە لەبەر ئەوەی شیعەکان پشتگیریان لێ دەکەن بۆ ئەوەی بمێننەوە لەوانەیە ئەو کاتە دابەش کردنی عێراق زیاتر پەلەی لێ دەکرێت بە مەرجێ تورکیاو عارەبەکانیش نەیەنە ناوەو بە تایبەتی سعودیەی عارەبی کە ئێران بە مەترسیەکی گەورە دەزانێت لەسەر ئارامی ڕەوشی ناوچەکە، بەلام ئەسڵی بابەتەکەمان ئەوەیە کە دیداری لێپرسراوە عارەبەکان چی لە پشتەوە هەیە هەمومان دەزانین جگە لە ئەیاد عەللاوی ر یزداران مام جەلال و نێچیرڤان بارزانی بەشدارن لە کۆبونەوەکە، بەلام کاک مەسعود بەشدار نەبوە بۆ ئەوەی دڵی شیعەکانی لێ نەییشێ لەبەر ئەوەی ئەیاد عەللاوی زیاتر لە کاک مەسعودەوە نزیکە تاکوو ئەگەر هەر ڕێککەوتنێک کرا نەڵێن دەستی ئەوی تیا بوو، بۆ زانین سەفیری ئەمەریکاش بەشدارە لە کۆبونەوەکانی (دووکان) بۆ چاو سور کردنەوە لە سەرکردە کوردەکان بۆ ئەوەی لە ئیشارەتەکانی ئەمریکا تێ بگەن، ئەگەرنا بەدەردی ئەوانی تریان دەبەن وە ئەمریکاش گەر بیەوێت شتێک بکات سەرکردەکانی کورد ناتوانن کلک بابدەن وە مەوقیفیان زۆر لاوازە چونکی ئەمریکیەکان زانیاری تەواویان لە سەر گەندەڵی و دزیەکانی سەرکردە کوردەکان لە کوردستان هەیەو هەر داوایەک ئەوان بیکەن کوردەکان بە 10 پەنجە مۆری دەکەن جا زەرەری کورد بێت یان قازانج زۆر گرنگ نیە گرنگ ئەوەیە دلی ئەمریکیەکان ڕازی بکرێت بۆ ئەوەی گوایە با ئەمریکیەکانمان لێ زویر نەبن تاکوو کاتیک کا بیانەویت هێزەکانیان لە عێراق بکێشنەوە هێزێک بێنن بۆ ناو کوردستان تاکو بمانپارێزێت لە دەرو جیرانەکانمان، ئەی باشە ئێستا ڕۆژانە ئیران و تورکیا تۆپبارانی سنورەکانی کوردستان دەکەن ئەی بۆ دەنگیان لیوەنایەت خۆ بەیاسای نێو دەوڵەتیش بێت ئێمە لەژێر دەستی داگیر کەری ئەمریکین دەبێت بەرگری لە خەڵکی عێراق بکەن ئێمەش تا ئێستا هەر عێراقین کوا بەرگری لێمان، باشە ئەدی ئەگەر بەیانی بە شێوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فەرمی لە عێراق کشانەوە چۆن دەتوانن پارێزگاریمان بکەن کورد ووتەنی (ئەگەر لەگەڵ بووکێ نەبێت لەگەڵ بەربووکی چاوەڕوانی هیچ مەکەن) بەهەرحاڵ من داواکارم سەرکردایەتی کورد با خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی پشتیان بە گەڵ ببەستن تاکوو ڕۆژی ئاوا خاوەنی بڕیار بن نەوەک زمانیان لاڵ ببێت و نەتوانن بڵێن نەخێر، بەدەنگێکی زلاڵ بڵێن ئێمە خۆمان باشتر دەزانین بەرژەوەندی میللەتی ئێمە لە کوێ دایە تا ئێوە ش وەکوو عارەبی سوننە حیسابیکتان بۆ بکەن باش بزانن گەر ئێوە وادەزانن خۆتان بکەن (بە بێ پێ) وەکوو ئێمە ئاسایی لە گەڵ حیزبەکانی کوردستان ئەو کەسانەی (بیپێن) کەس حیسابیان بۆ ناکات بەڵام ئەگەر یەکێک لە لارابێت بۆ ناو حیزبەکان هەرچی بیەوێت بۆی دەکەن کە ئێمەش قسە بکەین دەڵێن لێیان گەڕێن ئەوانە هی خۆمانن (بێپێن) بە هەموو شتێک ڕازین بۆیە ئێوەش با بە دەردی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان نەچن، مەبن بە (لباد) هەرچی بێت بەسەرتان دا بڕوات و پێی خۆیان بە ئێوە بسڕنەوە گەر میللەتتان لە پشت بێت زۆر بە هێز دەبن وبەرگری زۆرتان پێدەکرێت لە هەموو بوارێکەوە، من ناڵێم ئێوە دەتوانن دژی ئێران و تورکیا شەڕبکەن چونکی هیچ بەرابەریەک نیە لە نێوان هێزی کوردی و ئەو دوو زلهێزەی ناوچەکە بەڵام من دەڵێم خۆ ئەوانە لە ئەمریکا بەهێز تر نین وادەبینن چۆن زیرەی لی هەڵساوە لە دەست چەند وەلەکە عارەبێک و چەند تێرۆریستێک ئێوەش دەتوانن پشتتان بە هێزی گەل قایم بکەن ئەوەیش چۆن دەبێت یەکەم کارتان ئەوەبێت متمانەی خەڵک بۆ خۆتان بگێڕنەوە لەبەر ئەوەی بەڕاستی خەڵک زۆر لە کرداروو دزیو گەندەڵیەکانتان بێزارە بۆیە ئێستا ئێوە هێندەی نەماوە بە یەکجاری مسداقیەتی خۆتان لە دەست بدەن بەهۆی چەند دزوو گیرفان بڕێک کە بوونەتە وارسی بەرهەمی خوێنی شەهیدەکانمان کە بەهیچ شێوەیەک ڕۆژێک لە ڕۆژان خەباتیان نەکردوە بۆ کورد کەچی ئێستا لە ڕێگای ئێوەوە بونەتە کەڵەگا بەسەر خەڵکەوە پارەی کوردستان زۆری لە ژێر دەستی ئەوانەوەیە بونەتە بڕیار بەدەست هەر لە ڕێگای گەندەڵیەکانی ئێوە، بێجگە لە خۆشتان کە کەوتونەتە خۆتان هەرچەندەی لە تواناتان دا هەبێت خۆتان دەوڵەمەند دەکەن وە نیوەی زەوی و زاری کوردستانتان لە سەر خۆتان تاپۆ کردوە کام ساختمانی بەرزە لە شارەکان موڵکی ئێوەی سەرکردەیە کام مەزرەعی گەورەیە هەر هی ئێوەی سەرکردەیە باشە ئێوە بوون بە چی قەت تێر نابن گیرفانتان لە ئایەتوڵڵایەکانی ئێران گەورەترە هەرچی هەیە بە حەڵاڵی خۆتان دەزانن هەتا زانیومانە ژنی خەڵکیش زاوت دەکەن بە بیانوی ئەوەی گوایە ئێوە خەڵکانی ماندوون دەبی قە رەبوو بکرێنەوە ئێمە لاریمان لەوە نیە کە هەرکەسێکێکی خەباتگێڕ یارمەتی بدرێت وخانوی خۆی هەبێت وەکوو خەڵک مناڵەکانیان بخوێنێت مووچەی بۆ ببڕێتەوە بەڵام نەوەک ببێت گەرەکێکی لە سەر تاپۆ بکەیت یان بیکەیت بە شەریکی دزێک شتەکان بە ناوەی ئەو بێت و لە ژێرەوەش موڵکی کەسێکی تر بێت، دەبێت وابکەن وەکوو جاری جاران کە پێشمەرگە بوون چۆن خەڵک سوێندی بە سەری ئێوە دەخواردوو ناوی مناڵەکانیان بە ناوی ئێوە لێ دەنا هێندە لای خەڵک گەورەو بەڕێز بوون خەڵک چێشتێکی خۆشی بە بێ ئێوە نەدەخوارد، داخەکەم ئێستا هەمووتان کەوتونەتە شوێن بەرژەوەندی تایبەتی خۆتان گەلتان لە بیر کردوە، من لێرەوە پێتان دەڵێم ئاگادار بن ئاگادار بن وەکوو برایەکی خۆشەویست ئەگەر ڕازی بن بە برایەتی ئێمە تاکوو کاتتان لە پێش ماوە خۆتان بکرنەوە خەڵکی چاوەڕوانی هەڵوێستێکی جوامێرانەیە لێتان، نازانم چاوەڕوانی چی دەکەن هێندەی نەماوە کات بەسەر بچێت دوایی گلەیی لە کەس مەکەن ئۆباڵی خۆتان بە ئەستۆی خۆتان، پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە ئێستاش ئێوە کەوتونەتە ئەو ڕۆژە ڕەشە بۆیە پێویستە دەستی یارمەتی بۆ ڕۆلە کانی گەلەکەتان ڕابکێشن ئەو پارە زۆرەی کۆتان کردۆتەوە لە جیاتی ئەوەی بینێرنە بانکەکانی دەرەوە یان لە جیاتی ئەو هەموو پرۆژە تایبەتیەی کە دروستی دەکەن بەناوی خێزان و مناڵەکانتانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەکەن وەرن پرۆژەی گشتی بکەنەوە ماکتەب خەستەخانە شوێنی ڕابواردن بۆ خەڵک بکەنەوە، لە چاوپێکەوتنەکانتان لە گەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارو تەلەفزیۆنەکان کاتێک کە پرسیاری سەروەتو سامان و مولّکەکانتان لێ دەکەن زۆر بەبێ منەت وەلامیان دەدەنەوە دەڵێن فەرموون برۆن لە دائیرەی تاپۆ بپرسن بزانن من چیم بەناوە هەر وەکوو بڵێیت ئێمە دائیرەی زەریبە بین فێڵمان لێ بکەن دەڵێن ئەو قسانە هەموی قسەی ناحەزانە دەیکەن گوایە خەڵک چاویان پێیان هەڵنایەت بۆیە باسیان دەکەن، تۆزێک بیر لەخۆتان بکەنەوە ماڵ و منال و خزم و کەس پێتان نالێت زۆر سوپاس کە ئەو هەموو دزیەتان بۆ ئێمە کردوە بەلام مێژوو قەت لێتان نابورێت ئەگەر بەخۆتان دا نەچنەوە سومعەی خەباتی خۆتان جارێکی تر بگەڕێننەوە من چاوەڕوانی دوا ڕۆژێکی خراپتان لێ دەکەم، دوایی کە کار لە کار ترازا نەمزانی دادی تاوەنبار نادات، بژی کورد بژی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.